

حوسێن سەعیدی

**بیرەوەرییەکانی کاک حوسێن سەعیدی:**

تا ئەو جێگایەی لەبیرم بێ، ئەو کەسانەی لە سەردەمی لاویی من وەرزشکار بوون ، بە نێو و بە رشتە ئەوانە بوون:

1. **بازدانی بەرزایی:** ئەنوەری عەبدوولاهی کە قارەمانی بۆکان و موکریان بوو ،( پاشان لە بیرەوەرییەکدا روونی دەکەمەوە کە بۆ قارەمانی موکریان بوون؟)
2. **بازدانی درێژایی:** حەسەن مەردان بەگی قارەمانی بۆکان و موکریان.
3. **بازدانی سێ هەنگاو:** ئەبووبەکر غەفووری قارەمانی بۆکان و موکریان.
4. **هاویشتنی ئاسن:** نەمر غەفوور حاجی غەفووری قارەمانی بۆکان و موکریان.
5. **هەڵاتنی ماراتۆن:** فەتاحی رەشیدی و سەید برایم شێربەگی کە کاک فەتاح قارەمانی بۆکان و موکریان بوو.
6. **قارەمانی هەڵاتنی 100 و 200 میتر:** عەلی عەبباسی قارەمانی بۆکان و موکریان.
7. **پینگ پۆنگ :** حەسەن سەعیدی قارەمان لە بۆکان و سەقزیش ئەو کاتەی لەوێ قوتابی بوو و هەروەها لە ئوستانی کوردستان لە رشتەی زۆرانبازی 68 کیلۆییدا پلەی دووهەم بوو.
8. **هەڵگرتنی ئاسن:** عومەر چابوك قارەمانی بۆکان و موکریان.
9. **ژیمناستیك:** قادر قادرزادە و نەمر عوسمانی فازلی.
10. **والیباڵ:** تیمی والیباڵی ئەوکات ئەو بەڕێزانە بوون: عەلی جەنگەڵی، عومەر جەنگەڵی، عەلی بەسری، حەمەدئاغای عەلیار، ئەنوەر عەبدولاهی، عەبلا جەواهیرزادە، حەریری(نێوی بچووکیم لەبیر نەماوە پێموایە ئوستواری هێزی دەریایی بوو).
11. **فوتباڵ:** یەکەمین تیمی رێك و پێکی فوتباڵ کە دەتوانین بڵێین دەستپێکێك بووە بۆ پێکهاتنی ئەو وەرزشە لە بۆکان، ئەو بەڕێزانە بوون: (گۆڵبان: ئەنووش کە بە داخەوە شۆرەتەکەیم لە بیر نەماوە برایەکی هەبوو بە ناوی سەلمان و خەڵکی مەراغە بوون، بەگی یەکەم: جەعفەر عەزیزی کە ناوی "تانك" مان لەسەر دانابوو. بەڕاستی هەرکەسی بکەوتبایەتە ژێر پێی دەی هاڕی، بەگی راست: بیژەن عەلیار، بەگی چەپ: محەمەد ئازەری، لە ناوەڕاستی مەیدان عومەر نوورانی و حسێن سەعیدی و عومەر حەمیدی یاریان دەکرد، فۆرواردەکەشمان فەتاح ئیلخانی زادە کوڕی حاجی سمائل ئاگا و فارووق ئیلخانی زادە بوون. چەند بەڕێزی تر یارییان لەگەڵ دەکردین کە بەداخەوە ناوەکانیانم وەبیر نایەتەوە. بەڵام هەر وەك گوتم ئەوە یەکەمین تیمی فوتباڵی بۆکان بوو و بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ تیمەکانی سەقز و مەهاباد زۆر خراپتر بوین.

با بیرەوەرییەکەی خۆمتان بۆ بگێڕمەوە: رۆژێك(ساڵی 1345 - 46) کاک سولەیمان کەریمی خۆشەویست کە دەتوانم بە باوکی وەرزش لە بۆکان ناوی بێنم و وەرزشی بۆکان زۆر قەرزداری ئەو مرۆڤە خوێن شیرنەیە، هات و گوتی "کورینە، بڕیار دراوە کێبەرکێی موکریان کە سێ شاری سابڵاغ و بۆکان و سەردەشت تێیدا بەشدارن، ئەمساڵ لە سابڵاغ بەڕێوە بچێت." دیارە ئێمەش بە پێی توانایی و ئیمکانات، خۆمان بۆ ئەو کێبەرکێ یانە ئامادە کرد. کێبەرکێ کان بۆ ماوەی سێ رۆژ لە مەهاباد بەڕێوە چوون.

سەرەڕای بیرەوەرییە خۆشەکانی ئەو سێ رۆژە کە هیچ کات لە یادم دەرنەچوون، بەداخەوە ئەو رۆژە لە رشتەکانی والیباڵ و چەند رشتەی هەڵاتن و ژیمناستیك دۆڕاندمان. بەڵام لەو رشتانەی کە لە سەرەتای وتارەکە باسم لێ کردن، قارەمان هاتینەوە.

ئەزموونی یارییەکان بەو شێوەیە بوو: سەیر ئەوەیە تەنانەت ژومارەی ئیمتیازەکانم تا ئەوڕۆش هەر لەبیر نەچوونەتەوە.

پلەی یەکەم: بۆکان، کۆی ئیمتیازەکان لە هەموو رشتەکان 33

پلەی دووهەم: سابڵاغ، کۆی ئیمتیازەکان لە هەموو رشتەکان 28

پلەی سێهەم: سەردەشت، کۆی ئیمتیازەکان لە هەموو رشتەکان 3

زۆر بە خۆشحاڵی بەرەو بۆکان گەڕاینەوە، بەڵام حەوتوویەك دواتر لە مەجەلەی جەواناندا کە کاك برایمی فەڕوخی خاون ئمتیازەکەی بوو، ئاوا نووسرابوو: "پاش وتارێکی کورت لەسەر کێبەرکێی نیوان شارەکانی سابڵاغ و بۆکان و سەردەشت، ئمتیازی سابڵاغ و بۆکان گۆڕدرابوو. بە پێچەوانە پلەی یەکەمیان بە سابڵاغ بە 33 ئمتیازوە دابوو و پلەی دووهەمیان بە بۆکان دابوو بە 28 ئمتیازەوە و سەردەشتیش هەر بە 3 ئمتیازەکەیەوە پلەی سێهەم بوو.

کاك سولەیمان کەریمی بەو هەواڵە زۆر تێکچوو و پێموایە ئەگەر چەقۆیان لێدابایە، خوێنی لێ نەدەهات. بەڵام کار لەکار ترازابوو سابڵاغ شار بوو و بۆکان بەخشی ژێر دەستی و تازە هیچمان پێ نەدەکرا و کەسیش جوابی نەداینەوە.

ئەمە کورتەیەك بوو لەسەر مێژووی وەرزشی بۆکان کاتی لاوی خۆم. دیارە چالاکی تریش وەك شانۆگەری و نمایشی سەر حەوزیی بۆکان بۆ خەڵکی و نمایشی وەرزشی وەك ئاکرۆبات و ئەو جوورە شتانەشمان هەر بەڕێوە دەبرد.

خاکەلێوەی 2712ی کوردی حوسێن سەعیدی